# چەند شیرینە باسکردنت

**فریشتە/ ستۆکهۆلم**



**چەند شیرینە باسکردنت**

**لەوە شیرینتر ماچکردنت**

**چەند پڕ نازە نیگاکانت**

**دوو هێندەی تر خەندەکانت**

**لە شەکرو هەنگوین شیرینتر چیدی هەیە؟**

**تا رووم بێتو بیچوێنم بە باوەشەکانت.**

**گلەیی**

**تۆم دەستنەکەوت**

گلەییەکەم دایە دەست خۆر

ئاسۆ بردی لەگەڵ خۆیا

کەس نەبوو فرمێسکەکانم بسڕێت

## کڕێوە

کڕێوە دەکات.. .

بەفر نا, دڵم

هێمن هێمن

ئەچرپێنێ بە گوڵی گەڵا زەردبووەکانی ئەم پاییزە,

تاتینوێتیان بشکێنێ پێش ئەوەی ماڵ ئاواییمان لێ بکەن.

وورتە وورتی لەگەڵ باڵندەکان

ئەگەر ڕۆیشتن؟

دەستم دامان

لەهەر کوچەو کەنارێ لەنگەرتان گرت

بیرتان نەچێ !

بەسەرهاتی دڵەی وێڵم بگێڕنەوە...

بیرتان نەچێ بگێڕنەوە !

## نمای ئەدەبی

ئەم زستانە دڵی منە کرێوە دەکات
ئاهی چەند ساڵی بێ کەسیم ئەکێشێ
ئەشکی چەند ساڵی نامۆییم ئەبارێنێ
بیرتان نەچێ بگێڕنەوە !
ئەم زستانە دڵی من کرێوە دەکات
بگێڕنەوە, تا زیز نەبن
گەر هەموو کوچەو کەناری شارم تەنی
بەفر نییە
خەمی دڵەی پەنگ خواردوومە
حەسرەتی فرمێسکە قەتیسماوەکانە
کرێوە دەکات
بەفر نا, دڵم

# ئاشتی

**یانیس ریتسۆس (شاعیری یۆنانی)**

**و: سۆران عەلی پوور**

ئاشتی خەوی منداڵە
ئاشتی خەوی دایک
رازونیازی عاشقانە, لە ژێر سایەو سێبەری درەختان
ئاشتی هەر ئەوەیە
* * *
ئەو دەمەی باوك دەگەڕێتەوە ماڵی
بە سەبەتەیەکی حەسیری پڕاو پڕ لە میوە
لەگەڵ بزەیەکی نێو نیگاکانیو
دانە دانەی عارەقی سەر نێو چەوانی
کە وێنەی ئاونگی سەر گۆزەیەکی
ساردی بەر پەنجەرە دەتکێ
ئاشتی هەر ئەوەیە

** *

ئەو  رۆژەی جێ برین
بە روخساری جیهانەوە سارێژ دەبێ
لە قۆلکەی بۆمبەکاندا
نەمام دەچێنرێ
ئەو دەمەی کە شکۆفەی هیوا
لەدڵە سووتاوەکاندا بەردەگرێ
کاتێک مردووەکان
بەهێمنی دەخەون و پێیان وایە:
ئیدی خوێنیان بەهەدەر ناڕوا
ئەوسا ئاشتی هەموو شوێنێک دادەپۆشێ

*  *  *

ئاشتی بۆنی چێشتی ڕێگری ئێوارانە
ئاشتی: چرکە ساتێکە
کەوەستانی ماشێنێک لەشەقام
کەس هەراسان ناکا
زەمانێکە
لەدەرگەوان
نیشانەی دیداری هاوڕێیەکە
ئاشتی ئەودەمەیە

## ................................. نمای ئەدەبی .................................

که بەدڵخواز

لەپشت پەنجەرە کراوەکانیەوە

لەئاسمان بڕوانین و چاوەکانمان بەدەنگی ئەو تەپڵەی

لەدوورەوە لێدەدرێ

روون ببێتەوە

* * *

ئاشتی بەرداخێك شیری گەرمە

کتێبێکە

لەنێو دەستەکانی منداڵێکدا, که گەورە دەبێ

ئاشتی ئەو دەمەیە

لاسکە گەنمەکان

بۆیەك دەنوشتێنێتەوە و رازونیاز دەکەن:

((رووناکی, رووناکی))

ئەو ساتەی رووناکی ئاسۆ گەش دەکاتەوە

ئاشتی هەر ئەوەیە

ئەو دەمەی زیندانەکان دەبنە کتێبخانە و

شەوانە

لەو دەرگاوە بۆ ئەو دەرگا

دەنگی گۆرانی دێتە بەرگوێ

کاتێك مانگی بەهاری

لەپشت هەورێکەوە دێتە دەرێ

وێنەی کرێکارێکی تازە ریش تاشراو

لەئێوارەیەکی شەممەدا

لەدوکانی سەرتاشی گەرەك وەردەدەکەوێ

ئاشتی هەر ئەوەیە

* * *

کاتێك کە رۆژگاری تێپەربوو

بێهودە تێپەڕنەبووە

سەرەتایەکە کە

گەڵاکانی بەختەوەری لەشەودا

رۆژێکی پڕ بەرهەمی لەسەر دەڕوێنێ

پاشان خەوێك دێت کە شایستەمانە

خۆر-جارێکی دیکە- بەهەڵەداوان

قەیتانی پێڵاوەکانی دەبەستێ

تا غەمی

گۆشەو کەناری رۆژگار ڕاماڵێ

ئاشتی هەرئەوەیە

* * *

ئاشتی خەرمانی رووناکیەکانە

لەسەر کێڵگەی هاوین

ئەلفو بێی, باشیەکانە
لەباوەشی کازیوەدا
کاتێک دەڵێی: هاورێم
کاتێک دەڵێین: سبەی بونیاد دەنێین
ئەو دەمەی گۆرانی دەچڕینو دروست دەکەین
ئاشتی هەر ئەوەیە
* * *
رۆژێک کە ئیدی
لەنێو دڵەکاندا جێگەیەک
بۆ مردن نییە
ئەو دەمەی دوکەڵکێشەکان
بەپەنجەکانی دڵنیاییەوە
ئاماژە بە بەختەوەری دەکەن
کاتێک کە شاعیرانو کرێکاران
عەتری مێخەکی گەورەی ئێواران وەک یەک
بۆن دەکەن
ئەوسا, ئاشتی هەموو شوێنێک دادەپۆشێ
* * *
ئاشتی ئەوەیە کە خەڵک
دەست بخەنە دەستی یەکەوە
ئاشتی نانی گەرم
لەسەر سفرەی دنیا
ئاشتی زەردەخەنەی دایکانە
ئاشتی هەر ئەوەیەو
هیچی دیکەنا
* * *
ئەو گاسنانەی
لەسەراپای جیهان

دێراوی گەورە ساز دەکەن
تاکە ناوێک دەنووسن:
ئاشتیو
هیچی دیکەش نا
*   *   *

شەمەندەفەرێک کە لەسەرسکەی شیعرەکانم
ڕووەو ئایندە دەڕوا
لەگەڵ خۆی گەنمو گوڵ باردەکا
ئاشتی هەر ئەوەیە
*   *   *

براکانم
خەونەکانمان-لەئاشتی دا- هەناسەکانی ئەو جیهانەن
براکانم
((دەستەکانتان بەمن بسپێرن))
ئاشتی هەر ئەوەیە

# پەرسیلە عەشقیٚ بۆ خودا

**ئاوێزان نوری/ کەرکوك**

خودایە ..
ئەی میهرەبانترین میهر
ئەمشەو چ کلاٚوێکم پیٚ دەچنی
بۆ سەری ئەو قەسیدەیەی
نۆ مانگ و نۆ رۆژی خۆی تەواو نەکرد
لە داميٚنی قەلٚەمەکەم، بەربۆوە کۆشی شیعرو..
بە حبرێکی کول ناوکیت بڕی.. ؟
چۆن دلٚت هات
مەچەکی ناخی زەیستانیم بگریتو ..
لە شەوچەرەی پیاوەتی خۆتدا
ناونیشانێك لە گورگانە شەوێی پیاوم پیا بدەی.. .؟
ئەی سەرابترین سەراب
لەژێر هەتگلٚی ئەمشەودا بووم بە هەلٚم
بۆ لە خۆمم یاخی دەکەی.. .؟
لە بادەی پیاوێکیشدا
بۆچ سەرمێزێك
ئەم روتەنیەی من،
وەك (با) شتێك دەیبا
خۆ من.. یاریم بە ئاگر نەرکردبوو
تا ئەمشەو یار.. قامکەکانم بسوتێنیٚ و ..
ئاهو ئازارەکانمی پیٚ بژەنیٚ

خۆمن.. لەسەرابدا خۆم ون نەکردبوو
تا ئەمشەو یار.. نوقمی لمی خەتام بکا
خۆمن .. لە ئوقیانوسدا مەلەم نەدەکرد
تا ئەمشەو یار.. بە ددانی (ئۆرکا)یەکی تورە
لەت لەتم بکات
خۆمن.. گەمەی چاوشارکێ و
جوینی پەیڤەکانم نەدەزانی
تا ئەمشەو یار سەد نهێنی ئەژمار بکاو..
پێم بڵێ:
سەیر ناکەم لە کوێ خۆت حەشار دەدەی
ئەگەر چاوم کردەوە باوکم بمرێ
خۆ من... نێچیری ئەڤین و نیڤین نەبووم
تا ئەمشەو یار.. لە دارستانی گوماندا.. راوم بکا
خۆ من.. خیانەتم لە شەو نەکردبوو
لەنێو باخەڵی رۆژێکدا
مومارەسەی نوستنێکم نەکردبوو
تا ئەمشەو یار... خەو بینینم لێ حەرام بکا
خۆ من هێشتاکە رووتی خۆم بەروونی نەدیتبوو
تا ئەمشەو یار لە ئاوێنەی ناخی خۆیدا
لێڵم بکا
خۆ من.. عەشقم نەکوشتبوو
تا ئەمشەو یار.. بە تاوانبار مەحکومم کا
ئەی بێکەسترین کەس
سەیرە ئەمشەو
(گێژۆڵکەی شەرو.. تۆفانی مەرگ دایکردووە)
بووم بە جگەرەیەک بە لێوی حەسرەتێکو..
قوم لە دوای قوم هەڵدەمژی
تا دواقوم

لە تەپڵەکی گوماندا, دەمکوژێنیتەوە
خودایە
لە هیچ شەوێک ناچیٚ ئەمشەو
ئەستێرەکان بە گەمژەییم پیٚ دەکەنن
درەختەکانی حەوشە چەمۆڵەم لیٚ دەنێن
سەرینەکەم دەبیٚ بەبەردو
تەوێڵی نوستنم لیٚ دەشکێنیٚ
مانگ بە رومدا پەنجەرەی تریفە دادەخاو
هەقایەتی لەیل و مەجنونەکانم لیٚ دەشێوێنیٚ
ئەی ساحیرترین ساحیر
دەکریٚ ئەمشەو لەپی دەستی چەپم بخوێنیتەوە ..؟
بەڵکو ئەم خورافاتە ..
شتێک بڵیٚ لە دەستی راستم دابێت
تا بزانم هەقایەتی ئەمشەو
وڕینەیە یان حەقیقەت.. ؟
ئەی عاشقترین عاشق
ماچێکی خەستم پێیە
بۆت دەهێنم,
گەرپێم بڵێی ئەمشەو دارمێوی ئەوینت
لەکام رەزدا خۆی دەنێژیٚو..
دەبێتە کەپرو سێبەری کام تابوتی موحیببەت ..؟
ئەگەر نا بەرسیلە عەشقێکم هەیە
لە یاری دەسەنمەوە
دەیبەخشم بە تۆ.

تێبینی: وشەی (ئۆرکا) ناوی نەهەنگێکی دڕندەیە.

# رۆحێکی تەنیا لەجەنجاڵی زەمەندا

ژاوێن شاڵی

سەختە بتوانم سپێتی ئەم دەفتەرە بەپێنوسم رەش کەمەوە
سەختە جارێکی تر بتوانم لەدەرگا کۆنەکانی
گریان بدەمەوە
ئێرەیەك بێتە پایزو
بەفرمێسکی چاوو هەستم
کێڵگەی وشکی پڕ خەزانت
ئاشنا بە بەهار کەمەوە
"سەختە دەستپێکردنەوە"
ئەمشەو شەوی بیرکردنەوەیە
بیرکردنەوە لەمناڵێتی دوێنێو
بیرکردنەوە لە ساکاری ئەمڕۆو
بیرکردنەوە لەپلانە بەجێ نەگەیەنراوەکانی سبەی
"ژیان" چەشنی تابلۆیەکە
رەنگەکانی کاڵ بۆتەوە
شیعری پڕ حیکمەتی شاعیرێکە
وشەکانی بیرچۆتەوە
بەهارێکە سەوزو بۆنخۆش
گوڵەکانی بەر لەشکۆفە
لێبۆتەوە
ئەی یار
ئەی ناسکترین دڵڕەقی باخی دڵم

چۆن دڵت دێ گەمە بەو ساتە یاقوتیانە بکەی
کەخۆشت نازانی کەی‌و لەکوێ پێی دەزانی
ئەگەرچی بشتەوێ بیزانی
بەڵام ئەی یار، هەرچی بکەی
دەمامکی رووت داناپۆشێ لە حەقیقەتا
پایزێکی نیگەرانی!
تۆ گەر دوعاکانی هەموو دوعانووسێک بخوێنیتەوە
پەنجە بۆ هەزاران خاڵی ئاماژە بەریت
هێشتا ناتوانی لەنهێنی چاوەکانی من تێبگەیت!
چاوەکانی تۆ ناتوانن پەڕەپەڕەی دەفتەری یاداشتەکانی کچێکی تەنیا
بخوێنیتەوە
چاوت پڕێتی لەگومان
تۆزی تاوان لەدەستەکانت هەڵدەستێ
کێ متمانە بەتۆ دەکاو تۆ متمانە بەکێ دەکەی؟
هەرچیش بکەی وەک رونی بەختت دڵنیام
هەر ئەو سات پەشیمان ئەبیتەوە
پێئەچێ ئەمە وەرزی دواینی عەشق بێت
وردە وردەو بەدەستی خۆت
موحیبەتت لەدڵمدا دەشۆیتەوە
کارێ دەکەی دڵت شتێکی تری ئەوێ‌و، کەناتوانی
بەبێدەنگی دەڕۆیت‌و
بەکشانەوەت جارێکی تر گەڕانەوەی پەشیمان
دەبیتەوە
چیتر لەدەرگاکانی من مەدە
پێدەچێ دەرگاکانی ئەم بەهەشتە
دۆزەخیترین ئاگرێک بن
رەنگاڵەیی رەنگەکانت بسووتێنن
سەختە بەرگەگرتنی ئازارەکانی عەشق

## نمای ئەدەبی

گەر عەشق خوێنت نەبێ
سەختە پێکەنین بەرووی ئازارا
گەر عەشق سەردارت نەبێ
سەختە بتوانی لەوشەی بەردی موحیبەتم بگەی
گەر رۆحت ئاشنا بەعەشق نەبێ
بەئاوازی باران پێت دەڵێم
دەست هەڵگرە
چیتر دەرگاکانی جوانی من بەرووی هەوەسبازی تۆدا
ناکرێتەوە، پێئەچێ دیوارەکانیش بەئاگا هاتبێتن
کاتی نوستن تەواو بووە
چیدی ریشۆڵە سەوز نافرێت‌و
چیدی بولبولیش خۆشخوان نابێت بۆ گوڵێک
تەمەنی شکۆفەی لەمێژ ساڵە
بەسەرچووە پێئەچێ ئەم عەشقە هەنگاوی دواینی خۆی نێ
لەهەمان جێش کۆتای بەهەمان درێژە دیدار بێ
لەخەیاڵی مناڵێکا پێئەچێ چەندین فریشتە
باڵی خۆزگە لێکنابێ
لەسپێدەی پایزترین کەساسی بەهاریشا
گوڵی عەشقێک بەجوانە مەرگی ژاکابێ
لەئاسمانی بەرزەفڕی بێباکیشا
چەندین ئەستێرە کشابێ
رەنگە ئەمە دواین قەسیدەی عەشقم بێت
ئەوە تانێ گریانم بۆ ساکاری پێکەنینت دێ
هەر زاتی خۆشم بووم
دەیان دوعای خۆزگەم دەخواست
بۆ دیداری پێکەنینێ.